# لکاندنی کوردستانی باشوور بە دەوڵەتی عێراقەوە

شادمان ساڵح

کورد نەیویستووە بەشێک بێت لە عێراق و، بەزۆر لکاندویانە بەو وولآتەوە و، بەریتانیاش سەرەتا پەیمانی داوە بە کورد کە ژێر دەستەیان نەکات، کاتێکیش کوردستانی باشورییان لکاندووە بە عێراقەوە پەیمانی داوە کە لە چوارچێوەی ئەو ولآتەدا کورد خۆی حوکمی خۆی بکات، وە هەر لەسەرەتاوە کورد خۆی تەسلیمی قەدەر نەکردووە بەردەوام بووە لە بەرەنگار بوونەوەی داگیرکەر و چوکی دانەداوە...... هەموو ئەمانە لە کتێبی"مێژووی هاوچەرخی کورد" لە نوسینی دیڤد ماکدۆڵ دا بەرچاودەکەوێت.

کتێبی "مێژووی هاوچەرخی کورد" لە نوسینی دیڤد ماکدۆڵ، لەلایەن( راج ال محمد) وەرگێڕاوەتە سەر عەرەبی و لەم ساڵدا بڵاو کراوەتەوە، ئەم کتێبە زیاد لە حەوسەد لاپەڕە دەبێت، گرنگی داوە بە مێژووی تازەی کوردستان، پاش باس کردنێکی کورد بە گشتی لە سەدەی نۆزدەوە بە درێژی لەسەر کورد و کوردستانی نووسیوە، ئەو کەش و ڕوداوانەی کە بەسەر کورد هاتوون بۆ مان دەگێڕێتەوە، هۆکارەکانی پارچەکردنی کوردمان بۆ باس دەکات، بۆ هەموو باسەکانیشی پشتی بەستووە بە دۆکۆمێنت، هاتووە پەڕە بە پەڕەی دۆکۆمێنتە بەریتانییەکانی پشکنیووە، سەردانی کوردستانی کردووە. گرنگی ئەم کتێبە لەوەدا دەردەکەوێت کە چەندین پەیماننامە و دانیشتن و کۆبونەوە هەیە کە لە مێژووی کوردیدا پەی پێ نەبراوە دێڤد پەیپێ بردووە.

کوردستانی باشوور یەکێکی لە تەوەرە سەرەکییەکانی کێشەی عێراق لە ساتانەدا، جیانەبوونەوەی کوردستان و مانەوەی عێراق بە یەک پارچەیی گەورەترین گرفتی ناوچەکەو جیهان، دیارە دێڤد لە بەشی هەشتەمی کتێبەکەیدا، زۆر بەوردی و درێژی لەسەر لکاندنی کوردستانی باشوور بە عێراقەوە دەدووێ، بەڵام لێرەدا تەنها وەڵامی ئەم چەند پرسیارە وەردەگرین، ئایا کوردستان بەشێک بووە لە عێراق؟ ئایا کورد ڕازی بووە ببێتە بەشێک لە عێراق؟ ئەی عێراق بۆ دەسبەرداری کوردستان نەبووە؟
دێڤد دەڵێت لە بەد بەختیدا ئەوکاتەی کە ڕۆشنبیرانی کورد ئامدە بوون بۆ جوڵانی کوردەکان وەک گەل نەک وەک هۆز، لەو کاتەدا بەریتانیا پەشیمان ببۆوە لە مافی چارەی خۆنووسین. ئاشکرایە نوسەر لە وێدا مەبەستیی لەوە یە بەریتانیا گفتی دابو بە کورد کە کیانێکی سەربەخۆیان بۆ درووستکا، وە کوردیش زیاتر عەشایری و هۆزەکی بوو ، بەڵام پاش ئەوەی ڕۆشنبیرانی کورد کەوتونەت خۆیان، بەریتانیا لە پەیمانەکەی پەشیمان ببۆوە، هەر بۆیە نوسەر لە شوێنێکی کەی کتێبەکەیدا هەر لە بەشی هەشتەمدا، پەیمانەکەی نێوان بەریتانیا و فەرەنسا وە بیردێنێتەوە، کە لە نۆڤێمبەری 1918دا ڕایانگەیاند بوو، پەیمانەکە دەڵێت: ئازادکردنی تەواوی ئەو گەلانەی کە چەوسێنراونەتەوە لە ژێر چنگی تورکەکاندا، بۆ ماوەیەکی زۆر، وە دامەزراندنی ئیدارە و حکومەتی نەتەوەیی، کە دەسەڵاتەکەی لە مومارەسەی ئازادی و هەڵبژاردەی خەڵکە ڕەسەنەکانەوە سەرچاوە بگرێت.
وە پاشان هەر لەو مانگەی کە ئەو پەیمانەی تیا دەبەستریت، بەریتانیا نوێنەری خۆی دەنێرێتە ناوچەکە(ناوچەی نێوان زابی بچوک و دیالا) ، کە( میجۆر نوئێل) دەبێت و، چەند ڕاسپاردەیەکی پێدەبێت، لە بەشێکی ڕاسپاردەکەدا هاتووە: پێویستە بۆ ئەو هۆزانەی کە پەیوەندیان لە گەڵ پەیدا دەکەیت شیبکەیتەوە کە هیچ نییەتێک نییە بۆ فەرز کردنی ئیدارە لە سەریان، کە نامۆ بێت بە عادات و خواستەکانییان.
بەپێی ئەو ڕاسپاردەیە دەردەکەوێت کە بەریتانیا نەیویستووە کوردستان بخاتە ژێر ڕکێفی کەس، یاخود بە شێوەیەکیتر بەریتانیا پەیمانی داوە کە کورد نەخاتە سەر هیچ وولآتێک، بەڵکو کورد خۆی حوکمی خۆی بکات.

بەڵام ئایا کورد هەڵوێستی چی بووە؟
ئەوە بوو پاش سەردانەکەی(میجۆر نۆئێل) ( ئارنۆلد ویڵسن) کە نوێنەری مەدەنی حکومەتی بەریتانی، سەردانی کوردستان دەکات و چاوی بە شێخ مەحمود و نزیکەی 60 سەرۆک هۆزی تر لە ناوچەکە بە سەرۆک هۆزە سەرەکیەکانی کە لە سنورەکانی ئێران بوون دەکەوێت، دیار بوو هەموویان کۆک بوون لەسەر ئەوەی کە نایانەوێ بگەڕێنەوە بۆ ژێر چنگی تورکەکان و، وە بەگشتی داوای پارێزگارییان لە بەریتانیا دەکرد، وە زۆربەیان داوایان دەکرد و سور بوون لە سەر نەلکاندنی کوردستان بە عێراقەوە.

بەڵام پاشان لکێنرا بە عێراقەوە، ئەوەی بەریتانیا پەیمانی دا بە کورد و ئەوەی کورد ویستی لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ، نەچووە پراکتیکەوە، هەرچەندە نارەزاییەکانیش زۆر بوون بۆ نەلکاندنی کوردستان بە عێراقەوە، هەروەک چۆن جیفەر سۆن لەسەر کارەکەی لابرا، بەهۆی ئەوەی کە دژی لکاندنی سلێمانی بوو بە عێراقەوە، کاتێک ووتی (سلێمانی خستنە سەر حکومەتێکی عەرەبی پێدەچێت کاتی بێت، تاکو دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە کوردستانی باشوور دروست دەبێت).

ئەوە بوو کورد ڕازی نەبوون بە لکاندنی کوردستانی باشوور بە عێراقەوە ، بەردەوام لێرەو لەوێ ڕاپەڕین و خۆپیشاندانیان دەکرد، و نارەزاییان دەردەبڕی، وە نووسەر دوو ڕاپەڕین بەدرێژی باس دەکات کە ڕاپەڕینی شێخ مەحمود و شێخ ئەحمەد بارزانی بوو، وە هەرچەندە عێراق لە ساڵی 1921 ەوە دروست کرا بەڵام ناوچەکانی ژێر دەستی ئەحمەد بارزانی تاکو ساڵی1927 نە کەوتبوونە ژێردەستی حکومەتی عێراق، لە پاش ئەو بەرواره سوپای عێراقی توانی کۆنترۆڵی ئەو ناوچانەبکات، وە لە بارەی شێخ مەحمودیشەوە، ئەوە بوو لە یەکی ئازاری 1924 دا بەریتانیا هەڕەشەی لە سلیمانی کرد و بۆمبارانی کرد، لە 2ی ئازاردا شێخ لە سلیمانی دەرچوو وە جارێکی کە سلمانی داگیر کرایەوە و هەوڵدرا بۆ لکاندنی لیوای سلمانی بە دەوڵەتی عێراقەوە وە، لە مانگی تەموزدا شێخ گەڕایەوە سلێمانی، وە بەغدا پەیماندا بەشێخ کە چیتر هێرش نەکاتە سەری، گەر ئینتیدابێکی ئیقلیمی قبووڵبکات و واز لە دژایەتییان بهێنێت، بەڵام شێخ ئەو کۆت و بەندانەی ڕەتکردەوە و جارێکیکی کە لە مانگی ئابدا بارەگاکانی بۆردوومان کرا، لە کۆتای مانگی ئایاری 1924 دا بارەگانی تەواو وێران کران وە لە مانگی تەموزی 1924 دا هێزە سەربازییەکانی عێراق چونە سلیمانییەوە، وە شێخ مەحمود تاکو سەرەتای 1927 حکومەتی هەراسان کردبوو بە هێرشەکانی بۆ سەریان.

لەپاش ئەوەی ونستۆن چەرچڵ بوە وەزیری دەرەوەی بەریتانیا پەلەی کرد لە بەستنی کۆنگرەیەک لە قاهیرە لە مانگی ئازاری 1921 دا، کەمەبەستی بەهێز کردنی دەسەلاتی بەریتانیا بوو، لە کۆنگرەیەوە بەتەواوەتی واز لە فیکرەی کوردستانێکی سەربەخۆ هێنرا ، بۆ مەبەستی مانەوەی لە چوارچێوەی عێراقدا، بەڵام هەرچەندە واز لە سەربەخۆی هێنرا بۆ کوردستانی باشور بەڵام لەهەمان کاتدا چ چەرچڵ و چ کۆکس(نوێنەری مەدەنی بەریتانیا پاش ویڵسۆن)، دانیان بەوەدا نا کە پێویشتە ئیدارەیەکی "ئەنگلۆ _ کوردی" هەبێت، پێیان وابوو باشترین سیاسەت کورد وەک کەمینەیەک لە عێراقدا بمێنێتەوە، رێگەیان پێبدرێ پاش سێ ساڵی تر بەو بڕیارەدا بچنەوە. ئەمەش باشترین شاهیدە بۆ ئەوەی کە بەریتانیا پاش دەسبەردار بوونی لە سەربەخۆیی کوردستان(وەک لە پەیمانی سیڤەردا هاتووە) باسی لە حوکمی ئۆتۆنۆمی کردوە بۆ کوردستانی باشور. وە هەروەها لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە پەشیمان بووبنەوە لە پەیمانی" سیڤەر" پێش بەستنی پەیمانی"لۆزان" بووە.
هەر لەم روانگەیەی (چەرچڵ و کۆکس)ەوە بووە، ئۆتۆنۆمی بۆ کورد لە چوارچێوە عێراقدا باسی لێوەکراوە، ئەوەتا دێڤید باسی گفتێکی کە دەکات کە بەریتانیا و عێراق بە کوردیان دابوو، لە پاش ئەوە ڕاپەڕینە چەکدارییانەی کە لە ڕەواندزەوە بەرەو خوار دەکشا و نەتەوەیەکانی سلیمانی پەرەیان دەسەند و،بەریتانیا و عێراق ترسییان لە تورکیا هەبوو کە بگەڕەتەوە ناوچەکە، چونکە تورکیا تا ئەو کاتەش خوازیار بوو وولایەتی موسڵ بخارە ژێر دەست خۆیەوە، هەر بۆیە لە لایەن حکومەتی بەریتانی و عێراقییەوە، پە لە کرا بۆ بەستنی پەیمانێکی ( ئەنگلۆ-عێراق)ی هاوبەش، لە 20 کانوونی دووهەم 1922 لە لەندەن، ناوەڕۆکی بەیانەکە دەلێ: حکومەتی خاوەن شکۆی بەریتانیا و حکومەتی عێراقی دان دەنێت بە مافی کوردا، کە لە چوارچێوەی عێراقدان بە حکومەتێکی کوردی لەو سنورەدا دادمەزرێنن، وە هەردوو حکومەتەکە هیواخوازن، کە لەلایەنە کوردییەکان بگەنە رێکەوتن، لەسەر شێوە جیاوەزیەکانی ئەو دەوڵەتە و، سنورەکەی و ناردنی نوێنەریان بۆ بەغداد، بە مەبەستی گفتوگۆکردن بۆ پەیوەندییە ئابوری و سیاسیەکانیان لەگەڵ حکومەتی خاوەن شکۆی بەریتانی و حکومەتی عێراقی". هەرچەندە سنوری ئەو کیانەی کورد دیاری نەکرا بوو، وە هەرچەندە بەریتانیا لەم پەیمانەشدا پشتی لە کورد کردو ڕوویکردە مەلیک فەیسەڵ، کە نەیدەویست کوردستان جیابێتەوە لە عێراق، بەڵام دەتونرێت بە یەکێک لە بەڵگەکان دانرێ کە دەولەتی عێراق لە سەرەتاوە دانی بەوەدا ناوە کە کوردستانی باشوور بەشێک نە بووە لەو دەوڵەتە.
بەڵام پرسیارێکی گرنگ هەیە کە ئایا بۆچی عێراق وازی لە کوردستانی باشوور نەهێناوە،هەر یەکەم پاشای عێراق دەسبەرداری کوردستان نەبووە؟.
لە پاش ئەوەی کە مەلیک فەیسەڵ بووە مەلیکی عێراق،هەر لەسەرەتاوە چاوی بڕیبووە کوردستان، بۆ فەیسەڵ کوردستان گرنگی زۆری هەبوو جگە لە نەوت و ستراتیجییەتی ناوچەکە، بۆ ڕاگرتنی بلانسی سونییەکان لە

عێراقدا، کورد گرنگ بوو چونکه فەیسەڵ نەیدەویست شیعە باڵادەست و زۆرینەی ڕەها بن، هەر بۆیە چوار هەفتە دوای بونە مەلیک ڕایگەیاند نایەوێت کورد لە مەملەکەتەکەی جیا بێتەوە، وەک لە پەیمانی سیڤەردا هاتووە ، جگە لەوە فەیسەڵ لەوە دەترسا گەر کیانێکی کوردی درووست ببێت ئەوا پەیوەندی لەگەڵ کوردەکانی تورکیا و ئێران دا دەبەستێت دەبێتە هەڕەشەیەک بۆ سەری. هەر ئەو ترسەی کە هەیبوو لە جیابوونەوەی کوردستان، وە ترسی لەوەی کە عسبەت ئومەم ویلایەتی موسڵ بدات بە تورکیا، وای لێکرد کە چەند بڕیارێک دەرکات کە لە بەرژەوەندی کوردەکان بێت ، لەوانەلە 11 تەموزی 1923 ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق بڕیاری دا کە:
حکومەت هیچ فەرمانبەرێکی عەرەب لەناوچە کوردیەکان دانەمەزرێنێ جگە لە فەرمانبەری فەنی نەبێت.
فشار ناکات لەخەڵکی ئەو ناوچەیە بۆ بەکار هێنانی زمانی عەرەبی لە نامە گۆڕینەوە ڕەسمیەکاندا.
دابین کردنی ماف ( دیارینەکرا بوو) بۆ خەڵکەکان و، هەروەها مافە مەدەنی ئاینیەکان بۆ جالییەکانی ئەو ناوچەیە.

دێڤید وتارێکی گرنگی سەرۆک وەزیرانی عێراقمان بۆ دەگێڕێتەوە، کە لە 21 کانوونی دووهەمی 1926 "عبد المحسن السعدون" هۆشداریەکی لە (ئەنجومەنی نواب) دا و ووتی:
ئەم ئومەتە ناتوانێت بژی، گەر هەموو کوتلەکانی ناو عێراق مافەکانی خۆیان وەرنەگرن، پێویستە چاوەنووسی تورکیا ببێتە عبرەتێک بۆ مان، نابێت بگەڕێنەوە سەر ئەوسیاسەتە کۆنەکانانەی کە حکومەتی عوسمانی جێبەجێی دەکرد پێشتر، پیویستە مافی کوردەکان بدەین، پێویستە فەرمانبەرەکان لە خۆیان بن. پێویستە زمانەکەیان ڕەسمی بێت، وە هەروەها پێویستە منداڵەکانیان فێری زامی خۆیان بن لە قوتانخانە کاندا. پێویستە لە سەرامان کە هەڵسوکەوت و مامەڵەمان دادپەروەرانە بێت لەگەڵ هەموو (جا موسڵمان یا مەسیحی) ،و هەموو مافەکانیان وەگرن.
ئەم وتارە هەرچەندە پێش نزیکەی هەشتاساڵ، وتراوە بەڵام دەتوانرێت بۆ ئەم ساتەی ئێستامان بەکاربهێنرێت، بەتانهالابردنی چەند ووشەیەک و دانانی چەند ووشەیەک لە جێگای، وەک(لە جێگای حکومەتی عوسمانی، حکومەتی بەعس، لە جێگای تورکیا حکومەتی ڕابردووی عێراق، دابنرێ)

shadmansalih@hotmail.com

ئەم وتارە لە ژمارە 198ی هەفتەنامەی" هاوڵاتی" دا بڵاوکراوەتەوە